# گوارەكان لە شێوەی ئاڵای كوردستان





ئێكسسوارەكان بە جوانترین شێواز دەردەكەون و جوانییەكی رازاوە و ناسك دەبەخشن، بەمەش دەكرێ سوود لە شێوە و دیمەنە ناسكەكان وەربگرین بۆ ئەوەی لە ئێكسسوارەكاندا بەدی بكەین، هەندێك لە ئێكسسوارەكان جوانییەكی تایبەت وەردەگرن و لە شێوەیەك دروست دەكرێ، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە ئێكسسواری گوارەكان لەسەر شێوەی ئاڵای كوردستان.

شێوەی ئەو ئێكسسوارە لە نەخشێكی بازنەییە و لە نزیكەوە بە هەر چوار رەنگەكەی ئاڵای كوردستان بەكارهێنراوە و شێوەیەكی جوان و رازاوە لە خۆ دەگرێ، بۆیە ئەم شێوە ئێكسسوارە دەبێتە مۆدەیەكی رازاوە و جوان لە مۆدەی ئێكسسوارەكان بە گوارەكانی خانمانی كوردەوە دەگەشێتەوە.

# ماكیاژێک لە رەنگە جیاوازەكان



دانانی ماكیاژەكان بە پێ تایبەتمەندی و كراوەیی دەبێ، بۆیە دەكرێ سوودێكی گەورە وەربگرین لە دانانی مۆدەی ماكیاژەكان، تەنانەت لە شێوەیەكی كراوە و ناسكدا دەردەكەوێ، لەم مۆدەیەدا دەبێ گرنگی بە رەنگەكان بدەین، بەڵام بە شێوەیەك كە رەنگەكان دیاربن، بە جۆرێك رەنگی ئەساس بە كراوەیی دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ رەنگی چاوەكان بە روونی دەربكەوێ، هەروەها رەنگی لێو لە رەنگێكی دیكەی رەنگی ئەساس بێ، بەمەش دەبێتە مۆدەیەكی تایبەت و كراوە لە ماكیاژی دەم و چاو، لەم شێوە ماكیاژە گرنگی بە سەرجەم شوێنەكانی روخسار دەدرێ و نابێ هیچ لایەنێك فەرامۆش بكرێ، بۆیە دەبێ خانمان ئاگاداری ئەو لایەنە بن.

# (٣) مۆدەی تەسریحەی کراوە





**سالۆن حەنان دەشتی : ئیمارات**

خاتوو حەنان، لە سالۆن حەنان دەشتی، لە بابەتی ئەمجارە باس لە جۆرە تەسریحەیەکی شایستە و جوان دەکات بە شێوەیەك کە بە ئاراستەیەك دانراوە و لە نزیکەوە، دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی تەسریحەکانی قژ، چەندین مۆدەکان دەرکەوتوون و ئەمەش وادەکات خانمان لە مۆدەکانی تەسریحە لەوەی کامە هەڵبژێرن بۆ قژیان سەرپشك بن.

ئەو شێوازە مۆدەیە پێکهاتووە لە شێوازێکی رازاوە و ناسك، ئەمەش لە رێگەی بە کلۆش کردنی ستایلی قژەکە، بۆ ئەوەی بە سەرەنجراکێشی و کراوەیی دەربکەوێ، بۆیە یەکێك لە جوانترین لەم (٣) مۆدەیە، برینی بەرەو دەرەوەیە، ئەمەش چونکە دیمەنێکی جوان و ناسك وەردەگرێ.

# دوو مۆدەی بەدلەی بووک

مۆدەکانی دانانی جلوبەرگی خانمان لە چەندین شێوە و مۆدەی تایبەتەوە دەردەکەون، بۆیە دەکرێ سوودێکی گەورە وەربگرین لە مۆدەکانی پێشوو، یان لە نەخش و ستایلەکانی دیکەدا ئەوەی دەیبینن بریتییە لە دوو مۆدەی تایبەت لە جلی بووك، تەنانەت مۆدەی جلی بووك بە چەندین شێوەی تازە و دیکۆری تایبەت ئامادە دەکرێن، بۆیە دەبێ ئاگاداری مۆدە و شێوە تازەکان بین، لێرەدا ئەو دوو مۆدەیە بە یەکێك لە شایستەترین مۆدەکانی بەدلەی بووك دادەنرێن.

شێوەی یەکەم بریتییە لە مۆدەیەك، کە لە سەرەوە دوو تەڵی هەیە و دەچێتەوە سەر شانەکان، مۆدەی دووەمیش بەبێ بوونی تەڵەکانە، واتە کراوەیە، ئەمەش وەك حەزێك بۆ ئەو خانمانەی بەپێی ویستی خۆیان یەکێك لەو دوو مۆدەیە هەڵدەبژێرن.



شێوەی کراوە



شێوەی دوو تەڵ

بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی سالح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Mobile: 07504679560 Email: reng@gulan-media.com

# ماسکێکی راستەقینە لە رووخساری منداڵێک

ماسکەکان لەلایەن مرۆڤەوە دروست دەکرێن، ئەمەش بۆ ئەوەی شێوەی راستەقینەیان بشاردرێتەوە جا بۆ هەر مەبەستێك بێ، لێرەدا ماسکەکان بە چەندین شێوەی سەیر دورست دەکرێ، کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو ماسکە بکەن، شێوەیەکی راستەقینە و جوانتان بۆ دەردەچێ، بەمەش دەبێتە یەکێك لە حاڵەتە سەیرەکانی ئەو ماسکەی لەسەر دەم و چاوی ئەو منداڵە دەرکەوتووە.

ئەو منداڵە ناوی هۆنانە و لە وڵاتی چین لە دایك بووە، بەم شێوەیە لە دایك بووە، واتە بە ماسکێکی سەیر و جوان لە رووخساری ئەو منداڵەدا، ئەگەر بە وردی دەیبینن دیمەنێکی سەرەنجراکێش و سەیر بەدی دەکەن.





# گەورەترین کێک

لەگەڵ هاتنەوەی مانگی پیرۆزی رەمەزان، کاری جوان لە چەندین وڵاتانی جیهان ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەوەی دەیبینن دیمەنێکی جوان و سەیرە، بەمەش وەك رێزێك لە مانگی رەمەزان کارێکی جوانی لەم شێوەیان ئەنجام داوە، لە وڵاتی ئەندونیسیا و لە شاری

# حاڵی مەڕ و ماڵات لە کوردستان

کاتێك دیمەنە جوانەکان دەیبینن لە گشت جیهان، لەلای خۆمانیش دیمەنی جوان لە وێنەکان بەدی دەکرێ، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە سەیرترین وێنەکان لەوەی لە یەکێك لە شارۆچکەکانی کوردستان گیراوە، ئەو وێنەیە بریتییە لە بزنێك کە لە برسان خۆی هەڵواسیوە بۆ ئەوەی گەلایەکی داری ماڵێك بخوات.

ئەو وێنەیە لە شارۆچکەی مەخموور گیراوە و، ئەوەی سەیر بێ، بزنەکە گەڵای دارەکە بە دەمی لێدەکاتەوە و بە کارەکەی یان بێچووەکەی دەدات، بەڵام دەکرێ کار بکرێ لە پێناو نەهێشتنی مەڕ و ماڵات لە شار و شارۆچکەکان، بۆ ئەوەی وەك ئەو دیاردەیە روونەدات و بزن و مەڕەکان لە برسان نەمرن





# بۆ مانگی رەمەزان

جاكارتا، توانییان گەورەترین كێك دروست بكەن. ئەو كێكە لەسەر شێوەی ماڵی خوا دروست كراوە و كێشی كێكەكە ١٥٠ كیلۆگرامە و شێوەكەش نێوان ٢ تا ٥ مەتـر دەبێ، ئەمەو ئەو كێكە ئامادەكراو دەبێ، تەنیا بۆ ئەوانەی بە رۆژوو دەبن، بۆیان هەیە ئەو كێكە بخۆن.

# دەهۆڵی رەمەزان خەبەرمان دەكاتەوە

مانگی رەمەزان هاتەوە، لەگەڵ خێر و خۆشییەكانی ئەو مانگە پیرۆزە، چەندین دیاردە و نیشانە دەردەكەون، یەكێك لەوانە بریتییە لە دەهۆڵەكەی شـەو، ئەویش بۆ بە ئاگابوونی خەڵكە، كاكی دەهۆڵ لێدەر لـە كاتژمێر (٢)ی شـەوە لەلای ماڵی ئێمە دەیكوتـا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ماڵەكەی ئێمە لە سـەرەتای گەڕەكەكە بوو، بۆ ئەوەی تا كاتی بانگ بە گشت شوێنەكانی گەڕەكەكە بگات.

وەكـو دیاردەیەكی كۆن تا ئێسـتاش بەردەوامـە، هەندێك لە خەڵك سـوودیان لێوە دەبینـن و هەندێكی دیكەش (٣) كاتژمێر بەر لە بانـگ بە ئاگا دێن بە دەنگی ئەو دەهۆڵە، باشتروایە ئاگاداری دانانـی كات دانانـەوەی (alarm) ئامێرەكانیش لە بیر نەكەین، وەك مۆبایل یان كاتژمێرەكان، كە بە جۆرێك دانراوە، تا لە خەوت هەڵنەستێنێ وازت لێ ناهێنێ ! جا خۆتان بڕیار لەسـەر جیاوازی نێوان كات دانانـەوە و دەنگی دەهۆڵ كوتان بدەن.



# پیاوێكی شێوە منداڵ

حاڵەتە سـەیرەكان لە چەندین كاری سـەیر و جوان دەردەكەون، بۆیە دەكرێ سوودێكی گەورە وەربگرین لە هەڵە یان حاڵەتە سـەیرەكان، بۆ ئەوەی حاڵەتی دیكـە دووبارە نەبێتـەوە، بەڵام ئەگەر سەیرێكی ئەو حاڵەتە بكەین، مرۆڤێكی بە تەمەن لە شێوەی منداڵێك، ئەمەش بەهـۆی كارتێكردنـە جیینیەكانەوەیە لەوەی چۆن ئەم مرۆڤەی بەم شـێوەیە گەیاندووە.

هیبانگ كایكوان، لە ساڵی ١٩٧٠ لە دایك بووە، كەچی دوای ئەوەندە ساڵە، ئێستاش لە باوەشـی دایكی جێگەی دەبێتـەوە، ئەمەش بەهـۆی بچووكی شـێوەی، درێژی ئەم پیاوە دەگاتە ٧٥ سەنتیمەتر و كێشی ١٢ كیلۆگرامە.



# مەیموونیش حەزی لە مۆتۆرسکێلە

کارە سەیرەکان لە چەندین دیمەنی جوان و سەیردا دەردەکەون، ئەمەش وەك لە چەندین وێنەی سەیر کە رۆژانە بەرچاومان دەکەوێ، بەڵام سەیر کردنی ئەو وێنەیە دەبێتە رێگەیەك بۆ سەمەرە بوون بە شێوازی حاڵەتی ناو وێنەکە، چونکە لە وێنەکەدا هاتووە دوو پیاو لەسەر مۆتۆرسکلێك دەبن و، هەردەم ئەو مەیموونەیان لەگەڵدا دەبێ، بۆ گشت شوێنێك، ئەمەش وەك حەزێکی ئەو مەیموونە کە بەم شێوەیە بێ، وەك دەبینن چۆن مەیموونێکی بچووکیشیان لە دواوەی خۆیان هەڵگرتووە.






# سەیرترین نمایشی ئوتۆمبێل

ئەوانەی خاوەن بەهرە و کارە سەیرەکانن دەتوانن چەندین کاری تایبەت و جوان نیشان بدەن، ئەمەو هەر یەکە لە رێگەیەك کارەکانی ئەنجام دەدات، ئەوەی دەیبینن شوفێرێکی وڵاتی چینە بە ناوی (لی گوین)ە و توانی سەیرترین نمایش ئەنجام بدات، نمایشەکەش بریتیی بوو لە رۆیشتن بەسەر بوتڵی شووشەی خواردنەوە بە ئوتۆمبێل، ئەوەی دەیبینن دیمەنێکی راستەقینە و تایبەتە، ئەمەو ئوتۆمبێلەکە توانی لە ماوەی تەنیا (٢٨) چرکەدا (٦٠) مەتر ببرێ.

**نوکتە**

- رۆژێکیان ئوتۆمبێلی شارەوانی بۆ زبڵ هەڵگرتنەوە دەنگی دێ، دایکێك بە منداڵەکەی دەڵێ، کوڕم برۆ ئەگەر ئوتۆمبێلی شارەوانی وتی زبڵتان هەیە، بڵێ بەڵێ هەمانە..
منداڵەکە دەچێتە دەرەوە و بە کرێکاری شارەوانی دەڵێ : زبڵمان هەیە و نامانەوێ!



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

کەسێك یارمەتیت ئەدات و دەبێتە هۆی سەرکەوتنت لەکارێکی سەخت، هەرچەندە پێشتر پەیوەندی نێوانتان باش نەبوو بەڵام ئەمە دەبێتە سەرەتایەکی نوێ و پەیوەندیتان بەهێز دەبێت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ماوەیەکە چاوەڕوانی کاتێکی گونجاو دەکەی بۆ دەستپێکردنی هەندێ کار و بەرنامەی گرنگ، ئێستا ئەتوانی سوود لەم کاتە وەربگری و زۆربەی شتەکان لەبەرژەوەندی تۆ دەبن.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئێستاش ئازاری دەروونی خۆت ئەدەی بەهۆی شکستهێنانی پەیوەندی سۆزداری، بەو شێوەیە سەیری ژیان مەکە و تا ئەتوانی خەم هەڵمەگرە، پەیوەندیەکی دیکە لەڕێگادایە.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەوانەیە پەیوەندی هاوڕێیەتی لەنێوان خۆت و هاوڕێکەت بگۆڕێت بۆ پەیوەندیەکی خۆشەویستی، ئەمەش دوای ئەوەی هەردووکتان بەشێوەیەکی زۆر بیرتان لێکردەوە.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

مەرج نییە و ناکرێت هەموو شتێك بە خواست و ئارەزووی تۆ بێت، هەندێ شتی بچووك گرفتی گەورەیان درووست کردووە کە پێویست ناکات هێندە بایەخیان پێ بدەی ئەوکاتە کاریگەریەکانی کەمتر دەبنەوە.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

یەکێك لەخەونەکانت دەبێتە ڕاستی بە بینینی کەسێك کە ماوەیەکی زۆرە ئاواتەخوازی بیبینی و دڵت بە دیتنی خۆش دەبێت، نهێنییەکانت لای هەموو کەس باس مەکە.

ئامادەکردنی:داریۆ





## ئاسۆیی:

١- نووسەر و ڕۆشنبیرێکی کوردبوو.
٢- شکار- گیراو(پ).
٣- شاعیرێکی کوردبوو- بێ دەنگ- وەکو یەك.
٤- جۆرە گولێکە(پ)- ناوێکی کوڕانە(پ).
٥- سێ پیتی فیفا- وڵاتێکی ئەمەریکیە- تۆ(پ).
٦- هۆزێکە لە عێراق- دراوێکە(پ).
٧- باڵندەیەکە- خواردنەوەیەکە.
٨- دوو پیتی حرە- یاریەکی کوردەواری یە(پ)- بە ساڵاچوو.
٩- شارێکە لە فەلەستین- داخراو.
١٠- دوو پیتی عەلی — پایتەختی وڵاتێکی ئەمەریکیە- وەکو یەك.
١١- شاعیرێکی کوردبوو- لاوك(ت).
١٢- نووسەرێکی کوردە خاوەنی ئینکلوپیدیای مێژووی کورد.


## ستوونی:

١- نووسەر و ڕۆشنبیرێکی کوردبوو.
٢- خاوەنی قەڵای دمدم(پ).
٣- بندۆزەر.
٤- ناوێکی کوڕانە(پ)- دوو پیتی لەیلا- شارێکە لە فەلەستین(پ).
٥- شمشاڵ ژەنێکی کوردبوو- سێ پیتی خەیام.
٦- وەکو یەك — چایخانەی ڕۆشنبیران لە هەولێر(پ)- بەشێکە لەسەر(پ).
٧- ستوونی
٨- جۆرە بێهۆش کەرەوەیەکە- ژمارەیەکە.
٩- دوو پیتی بەرد- بێ دەنگ(پ)- تایبەتە بە ناوبژیوان.
١٠-جۆرە ئامێرێکی کارەبایە(پ)- سەرکردەیەکی ئەوروپی بوو.
١١- وەکو یەك- نیوەی لادا.
ڕۆماننووسێکی کوردە.

ئا:فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخاوی مێشك

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



هەوڵبدە ناوی نهێنی لەم ئاسانکاریانە بدۆزیتەوە ئەمەش لە ڕێگەی دانانی هەر پیتێك لەناو بازنەیەك بۆ ئەوەی ناوی تەواو دەربچێت..


**ئاسانکاری**

- بازنەکانی (١+٢) (خمره) بە کوردی چی پێدەڵێن ؟.
- بازنەکانی (٣+٤) نەخێر بە زمانی عەرەبی..
- بازنەکانی (٣+٢)، (بۆ) بە زمانی هەولێری.
- بازنەکانی (٣+٢+٥) خۆشەویستی بە زمانی ئینگلیزی..


* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شاکیرا) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
هاوڕێیەکت پێویستی بە هاوکاریت هەیە بەڵام نازانێت چۆن پێت بڵێت، دوای ماوەیەك چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆشت پێدەگات، وەرزش زۆر پێویستە بەتایبەتی بۆ کەسانی خاوەنی ئەم بورجە.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
ناکرێت هەموو کارەکانت بە تەنها ئەنجام بدەی، هەندێ کات بەشداریکردنی کەسانی تر پێویستە، ئەو کەسەی ماوەیەکە دەتەوێ بیبینیت سەردانت ئەکات.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
هەست بە تەنیایی دەکەیت بەڵام ئەمە ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت و کۆتایی پێدێت، کەسێك دڵت داگیر دەکات و چیتر وەك جاران هەست بە تەنیایی ناکەیت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
دابڕان لەنێوان خۆت و خۆشەویستەکەت چارەسەری گرفتەکانت ناکات بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی خەمەکانت زیاتر بن، ئاشتبوونەوە و کۆتایی هێنان بەو زیزبوونە باشترین چارەسەرە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
کاتێکی زۆر خۆش بەسەر دەبەی لەگەڵ کەسانێك کە ماوەیەکی زۆرە نەتبینیون و زۆر بیریان دەکەی،بەردەوام بە لەهەوڵەکانت بۆ گەیشتن بەو ئاواتەی بەردەوام خەونی پێوە دەبینی و دڵنیابە خەونەکەت دێتەدی.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
واهەست مەکە ئیتر بەو کەسە ناگەی کە لە دڵت دایە، لەوانەیە دڵی بگۆڕێت و خۆی داوای پەیوەندیت لێبکات، خەونەکانت ڕەنگاوڕەنگن و لە ژماردن نایەن کاتی زیاتری پێویستە بۆ ئەوەی پێیان بگەی

hemntoni@yahoo.com